# سەرنجێک لەسەر پێش CES 2020

ئەمساڵیش وەك هەموو ساڵانی رابردوو پێشانگای ساڵانەی CES كە كورتكراوەی دەستەواژەی (Consumer Electronics Show) واتە پێشانگای نێونەتەوەیی ئامێرە ئەلكترۆنییەكان لە ١/٧ لە شاری (لاس و گاس)ی ئەمەریكا كرایەوە و هەتا ١/١٠ بەردەوام بوو.

ئەم پێشانگایە كە لە ساڵی ١٩٦٧دا بۆ یەكەمجار لە شاری نیویۆرك كرایەوە و بەردەوام هەتا ئێستاكەش ساڵانە بەردەوامە. پێشووتر لە ساڵدا لە دوو وەرزی هاوین و زستاندا دەكرایەوە، بەڵام ئێستاكە یەكجار ئەویش هەر لە وەرزی زستاندا و لە شاری (لاس و گاس) دەكرێتەوە.

لە پێشانگای ساڵانەی CES2020 دا بە سەدان كۆمپانیای بەرهەمهێنی ئامێرە ئەلكترۆنییەكان لە سەرانسەری جیهان بەشدار بوون..

لەم پێشانگایەدا كۆمپانیا مەزنەكانی وەك (ئەپل، گوگل، مایكرۆسۆفت، سامسۆنگ، ئێل جی،

# بژاردەیەک لە باشترین پێنووس

**قەڵەمە دیجیتالییەكان ئەگەرچی ئەوەندە گشتگیر نەبوونەو كەمتر بەكار دێن، بەڵام سوودێكی زۆریان هەیە و كارئاسانی زۆر دەكەن. پێنووسە سمارتەكان هەم بۆ كاری وێنەكێشان و هەم بۆ نووسین سوودیان لێدەبینیدرێ..**



## قەڵەمی جۆری Moleskine Pen

ئەم پێنووسە بەرهەمی كۆمپانیای Moleskineە. بۆ كاركردن پێویستی بەكاغەزێكی تایبەتە. كێشەكەی بەقەد پێنج قەڵەمی ئاسایی دەبێت.

سێ گۆشەییە. ئەم پێنووسە بۆ كاری شێوەكاری گونجاو نییە. بەڵام بۆ نووسین لەسەر دەفتەری یاداشت هەڵگرتنەوە گونجاوە. دەنگ هەڵدەگرێتەوە و بۆ كۆڕ و سیمینارەكان زۆر گونجاوە.

## پێنووسی Livescribe3

ئەم قەڵەمە بەیەكێك لە باشترین و رێكترین قەڵەمە دیجیتالیەكان دادەنرێ، دوگمەی كوژانەوە و هەڵبوونی هەیە و بە هەموو لایەك دا دەسوورێت. قەڵەمەكە هەم بۆ نووسین دەگونجێ و هەم بۆ وێنەكێشان و بەكارهێنانی ئاسانە.

بە قەڵەمی ناوبراو دەكرێت هەتا ١٤ كاتژمێری بەردەوام كاری پێبكرێ، قەڵەمەكە شەحن دەكرێتەوە.








## انگای ساڵانەی CES





سۆنی، ئیچ پی..تاد) بەشدار بوون. نزیکەی ١٨٥ هەزار کەس سەردانی پێشانگاکەیان کرد.

تەلەڤزیۆنە زیرەکەکان، مۆبایلە چەماوەکان، ئامێرە بێ وایەرەکان، ئامێرە پزیشکی و تەندروستییە تاکەکەسییەکان...تاد. بەشێکی زۆری پێشانگاکەی داگیرکردبوو.

ئێمە وەك فایلی IT لە گۆڤاری گوڵان هەوڵ دەدەین، لەداهاتوودا باسێك لەو ئامێرە نوێیانە بکەین کە لە پێشانگاکە نیشاندران و داهاتووی تەکنەلۆژیای جیهان دیاری دەکەن..

## ە زیرەکەکان لە ساڵی رابردوودا

**ئەوان دەتوانن دەقەکان بکەنە دیجیتالی و بۆ مۆبایل و کۆمپیوتەری بەرێ بکەن، دەتوانن وێنەکان لەیەك کاتدا هەم لەسەر کاغەز و هەم لەسەر کۆمپیوتەر بکێشنەوە. لێرەدا سەرنجتان بۆ بژاردەیەك لە باشترین پێنووسە دیجیتالییەکان لە ساڵی رابردوودا رابکێشین.**




### قەڵەمی جۆری
### Neo Smartpen N2

ئەم پێنووسە بەکارهێنانی ئاسانە. دەکرێت چەندین کاتژمێری بەردەوام کاری پێبکرێ. چوارچێوەیەکەی لە کانزایە. ستایلەکەی سەرنج راکێشە. دوگمەی هەڵبوون و کوژانەوەی هەیە. بە بلوتوس لەگەڵ مۆبایل یا کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێ. دوای شەحنکردنەوەی تەواو دەکرێت بۆ ماوەی پێنج کاتژمێر سوودی لێوەربگری.



### قەڵەمی جۆری
### Wacom Bamboo Folio

ئەگەر یەکێك کاری هونەری بکا و لە هونەری شێوەکاریدا شارەزا بێ، بێگومان ئەم قەڵەمە بە یەکێك لە بژاردەکان دادەنێ. چونکە دەکرێت لەبری پەدی تایبەت بەسەر کاغەزیش دابهێنرێ. کارکردن بەو قەڵەمە زۆر نەرمە و راحەتە. هەتا هەشت کاتژمێر دەکرێ کاری پێبکرێ.



# فڕۆکە بچووکە هێلکەیەکە

ڕۆژێك دێت ئەوەندەی ئۆتۆمبیل بە سەرزەویدا دەڕوا، ئەوەندەش فڕۆکەی بچووکی بێ فڕۆکەوان بە ئاسماندا بفڕن. فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان یا بە واتایەکی دیکە (کۆداکۆپتەر) بۆ هەموو ئەرکێك. لە کاروباری نەخۆشخانە و فریاکەوتنەوە هەتا دەگاتە کاری فیلم هەڵگرتنەوە و سینەمایی، لە کاری سیخوڕیەوە هەتا کاری گواستنەوە و گەیاندن...

کۆمپانیای PowerVision کۆداکۆپتەرێکی بچووکی بەناوی PowerEgg X بەرهەمهێناوە کە لە شێوەی هێلکە دەچێت. فڕۆکە بچووکەکە کامێرایەکی لەسەرە کە لە زەینی دەستکرد سوود وەردەگرێ.

جگە لەوەی کە ستایلی کۆداکۆپتەرەکە لەوانی دیکە جیاوازە، کامێراکەشی هۆشمەندە و خۆکارە.. کامێراکە لە سێ لاوە وێنە دەگرێت. لە بەرامبەر تەڕبوون و تۆزخۆڵدا خۆراگرە و تێکناچێت. کامێراکە ڕوخسارەکان دەناسێتەوە و بەدوای مەبەستی وێنەکەدا رادەکات. ئەگەر سوژەکە خۆی بزر بکات و لە شوێنێکی دیکە کامێراکە بیدۆزێتەوە دیسان بەدوایدا دەگەڕێت، ئەمە بۆ کاری سیخوڕی و ئەمنیەتی زۆر گونجاوە.

دژە لەرینەوەیە و هەروەها هەتا ٥ کاتژمێر شەحنی کامێراکەی دانابەزێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت کۆدی IMEI لە مۆبایلدا چییە و بۆچی دەبێت؟**

خوێنەری بەڕێز کۆدی IMEI کە کورتکراوەی دەستەواژەی (International Mobile Equipment Identity)یە بەمانای پێناسەی نێونەتەوەیی مۆبایل دێت. ژمارەی پێناسی مۆبایلە. کە ١٥ هەتا ١٦ ژمارەیە. دوو ژمارەی یەکەم هی وڵاتی بەرهەمهێنی مۆبایلەکەیە.

ئەم کۆدە هەم لەسەر کارتۆنی مۆبایلەکە و هەم لە ژێر باتری مۆبایلەکە و جاری واهەیە لەسەر خودی باترییەکە نووسراوە. ئەگەر کۆدی #٠٦*# لە مۆبایلەکەت لێبدەی ژمارەکە دەردەکەوێ. ئەو کۆدە بۆ ئەوکاتەی مۆبایلەکەت بزر بوو یا دزرا، سوودی هەیە چونکە دەکرێت لە ڕێگای پرۆگرامی تایبەت کە پێشتر لەسەر مۆبایل دانراوە، یا لەرێگای کۆمپانیای بەرهەمهێنی مۆبایلەکەوە لە هەر شوێنێك بێت مۆبایلەکەت بدۆزیەوە..

# نیشاندانی پەسۆردی وای-فای لە مۆبایلدا

لە سیستەمی ئەندرۆید و لە بەشی wi-fiدا تایبەتمەندییەکی ئەوەندە گرنگی تێدا نییە تەنیا دەتوانی بە مۆدێمی wi-fi پەیوەند بدەی و هیچی تر.. بەڵام پرۆگرامی

WiFi Connection Manager کە لەسەر سیستەمی ئەندرۆید دادەبەزێت، گەلێك تایبەتمەندی تێدایە کە دەکرێت سوودی لێوەربگری. هەروەها چەند تایبەتمەندییەکیش بۆ وای-فای مۆبایلەکەشت زیاد دەکات.

ئەگەر خێرایی ئینتەرنێتی مۆبایلەکەت کەمە، بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەکرێت خێراییەکەی زیاتر بێت. گرفتەکانی تایبەت بەو پرۆگرامانەی کە کێشە بۆ وای-فای مۆبایل دروست دەکەن لا دەبات.

خاڵێکی گرنگ کە لە پرۆگرامەکەدا هەیە ئەوەیە گشت ئەو پاسۆردانەی کە لە شوێنە مۆدێمە جیاجیاکاندا مۆبایلەکەت ئینتەرنێتی لێوەرگرتوون، بۆ نموونە کافی نێت و هوتێل و سۆپەرمارکێت و..تاد نیشان دەدا.

بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانی هێڵی ئینتەرنێت هاوبەش بکەی لەنێوان چەند مۆبایلێکدا.





# تەلەڤزیۆنی K8ی بێ پەراوێزی سامسۆنگ

سیستەمی K8 دوایین سیستەمی نیشاندانە لە شاشەدا چ تەلەڤزیۆن بێ یا کۆمپیوتەر یا هەر ئامێرێکی دیکە. سەیرکردنی فیلمەکان لەو سیستەمەدا وەك لە ئاوێنەیەکی بێگەرد سەیر بکەی ئاوایە..

سامسۆنگ لە پێشانگای ساڵانەی CES ئەمساڵدا تەلەڤزیۆنی Q950TS خستەڕوو، کە بە کوالیتی K8 فیلمەکان نیشان دەدا. تەلەڤزیۆنەکە هیچ چوارچێوەیەکی نییە و بێ پەراوێزە. بارستایی تەلەڤزیۆنەکە تەنیا ١٥ ملمە. تەلەڤزیۆنەکە لە ڕێگای ریمۆتی وای-فای یا بلوتوسەوە کۆنترۆڵ دەکرێ. بەهۆی توانایی tap view دەکرێت راستەوخۆ شاشەی مۆبیالەکەت بۆ سەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکە بگوازیەوە. لە سیستەمی bixby و گوگل ئیسستێنت و ئامازۆن و ئەلیکسا پشتیوانی دەکا.

تیڤیەکە دەتوانێت کوالیتی K8 بگۆڕیت بۆ K4 و دواتریش جارێکی دیکە بیکاتەوە بە K8. نوێترین سیستەمی دەنگی تێدایە.



## گەورەترین ماڵپەڕی وێنەی جوڵەدار

وێنەی جوڵەدار واتە GIF بەو وێنانە دەگوترێ کە لە شێوەی کارتۆنی دەچن و بەکارهێنەر زۆرتر بۆ دەربڕینی هەستێك، وەك شادی، خەم، کۆمیدی، تراژیدی، سەرسوڕمان...تاد لە جیهانی مەجازیدا بەتایبەتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاری دێنێت.

ماڵپەڕی https://giphy.com/ گەورەترین ماڵپەڕی دابەزاندنی وێنەی GIFە. ماڵپەڕەکە لە ساڵی ٢٠١٣ لەلایەن ئەلیکس چانگ و جەیس کۆك دامەزراوە. زیاتر لە ملیارێك وێنەی جوڵەداری تێدایە. بۆ هەر مەبەستێك کە بتەوێ وێنەی تایبەت بەو مەبەستە دەدۆزیەوە..

# کاتژمێرێکی زیرەک بە دوو تایبەتمەندی جیاواز

کاتژمێرە زیرەکان بەرەو گشتگیری دەچن و تا رادەیەك شوێنی کاتژمێرە کلاسیکییەکانیان گرتۆتەوە.. هەروا دێت بە تایبەتمەندی کاتژمێرە زیرەکانەوە زیاد دەبێ. کۆمپانیای (ڤیتێنگێز) نوێترین کاتژمێری خۆی بەناوی ScanWatch خستەڕوو.

کاتژمێرە ژیرەکان زۆرتر لە خزمەت تەندروستی بەکارهێنەرانیان دان و ئەوانەی بۆ سەلامەتی بەکارهێنەرەکەی پێویستە ئاگاداری دەکاتەوە، وەك پێوانی هەنگاوەکان، پێوانی مەودای رۆیشتوو، لێدانی دڵ، چاودێریی خەو...تاد. کاتژمێری ناوبراو سەرەڕای ئەو تایبەتمەندیانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، دوو تایبەتمەندی دیکەشی هەیە وەك نیشاندانی شریتی چۆنییەتی لێدانی دڵ و هەروەها رێژەی ئوکسیژنی خوێن لە کاتی خەودا. هەروەها سیستمی لێدانی دڵیشی تێدایە کە دەکرێت لەو کاتی لێدانی دڵ ناڕێکە بەکارهێنەرەکەی ئاگادار بکاتەوە.

